# سێ ڕۆژە

## نووسینی: محەممەدفەریق حەسەن

ئەمڕۆ سێڕۆژگانەیانە. سێڕۆژەی سێسەدو پەنجا هاوڕێم بە جارێک!.. ئەوان سێ شەوە دەوریان چۆڵکردووم. لەوساوە مۆتەکەی بێکەسی و تەنیابالّی چوارکەناریان لێتەنیوم و سەری دنیام لێهاتۆتەوە یەک. بەوانەوە ماڵەکەم ئاوەدان بوو.. منی سەرگەشتە و بێمەیل، نازانم چۆن و بەچی دڵنەوایی خۆم بدەمەوە؟..چ جۆرە هەڵوایەک بۆ سێڕۆژگانەیان چێبکەم و بیبەخشمەوە؟ بیهێنە پێش چاوت، سێسەدو پەنجا هاوڕێت پێکەوە و لەڕۆژێکدا لەدەست بچێ، کارەساتێکە قەرەبوو ناکرێتەوە و هەر بەدەم خۆشە.. مرۆڤی خۆڕاگری گەرەکە بەرگەی بگرێ!.. ئاخر من چەندین ڕۆژم لە تەک یەکە بە یەکەیاندا بردۆتەسەر. چەندین شەویشم لەگەڵیاندا ڕۆژکردۆتەوە. ئەوانە هاوڕێی شیرینم بوون. ئەگەر سپڵەو پێنەزان بم، لەچاوم گێرێ! تا ئەم دواییەش ڕۆژێ لەڕۆژان نە دڵم یەشاندبوون و نە دڵیشیان یەشاندبووم! یەکێکیان ڕۆژێ لەڕۆژان پێینەوتووم: (( ئەوڕەحمان پشتی چاوت برۆیە!))

لەم سەردەمە شندی مندییەدا، کە من ناوم لێناوە سەردەمی دافەتان، وەفا لە بەینماندا هەبوو!.. بەڵام سەد جاران حەیف و دووسەد جاران مەخابن، بەم دواییە ئەو گەرم و گوڕییەی نێوانمان ساردبۆوە و وەکو جاران نەما. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوام پێبکەن هاوڕێ ئازیزەکانم ئەوەی ڕوویدا گوناهی منی تێدا نەبوو، ناچاریی پێیکردم!.. دەزانم، ڕەنگبێ گلەیی ئەوەم لێبکەن گوایە دوای ئەو هەموو ساڵە پەیمان و بەینەتە، سپڵەییم بەرامبەرتان نواندبێ و ئێوەم فرۆشتبێ!.. نا، هەرگیز وانییە.. من بڵێم چی لەم سەردەمی دافەتانەدا، ئەرکی ژیان ئەوەندە گرانە و ئێوەش بەو ڕادەیە هەرزان؟!..

ئۆغری بەخێرتان، کارەساتەکەی زستانی 1963 م دێنێتەوە یاد. کاتێ(معاون)ە لووت بە خاڵەکە، بەوەندە دڵی ئاوی نەخواردەوە، لەماڵەکەی خۆمدا کەلەپچەی کردم، هات نزیکەی 2300 کتێبیشی بە کتێبخانەکەمەوە بارکرد. لەوێ لە حەوشی سەرادا گڕی لەگشتیان بەردا. نازانم چۆنی دڵیهات؟ خۆ ئەو کتێبانە زۆربەیان بەزمانەکەی خۆی نووسرابوون. ئەو ساڵە تازە (نەورۆز)ی نۆبەرەمان لە دایک بووبوو. وامزانی گڕ لەو بەردەدات. معاونەکە شێتانە بەرامبەر بڵێسەی گڕی کتێبخانە و کتێبەکان دەتریقایەوە. ئەو ڕووداوە، معاونەکەی لەبەر چاوم کردە نێروون وەختێ ڕۆما دەسووتێنێ و بەدیار بڵێسەی گڕی شارەوە قاقا پێدەکەنێ.. پێشتر نەهامەتیی وەهام بە سەرنەهاتبوو. چونکە تا ئەو ساتە ڕێکەوتی کەسێکی وەها دڕندەم نەکردبوو چێژ لە کتێب سووتاندن ببینێ. لە بەرامبەر ئەم دیمەنەدا ئەوەندەم لەدەست هات دەستە کەلەپچە کراوەکانم بەچاومەوە بگرم، بۆئەوەی بڵێسەی گڕەکەیان نەبینم. بەڵام بێسوود بوو چونکە گوێم لە کڵپە و هەڵقرچانیان بوو. بۆنسۆشیان لووتی پڕکردبووم. هەربەوەندە دڵی ئاوی نەخواردەوە، هاوڕێ ئازیزەکانم. هۆپێکم لە خۆزانی بەدەم قاقای پێکەنینەوە شاپێکیشی لەپاشەڵم هەڵدا.

ـ ئێوە کوڕانی هۆلاکۆن!

ناهەقم نەبوو ئاوام پێوت. دەبوایە دوای ئەوەی هۆلاکۆ قەتڵ و عامی کتێبی کردو، ئەوەی هەبوو دایەدەم ڕووباری دیجلەوە، ئیدی ببڕای ببڕ، جارێکی دی لەم وڵاتی عێراقەدا، کتێب بەدەم ئاوو ئاگرەوە نەدرایە. هەر دەمم سووتا و ئەوەندەم وت، ئیتر بەسەرما داباریـن. ئەوەی دۆنکیی پێبوو

بە دۆنکی، ئەوەی پێی نەبوو بە شاپان. شاپی پۆستاڵ! پۆلیس گوڕیان دەبەستەوە و بۆمدەهاتن. بێ بەزەییانە لەکەشکەژنۆیان هەڵدەدام. لە گوڵمەی ڕانیان هەڵدەدام. هەیانبوو ئەوەندە قایم گوڕی دەبەستەوە. دوای ئەوەی شاپەکەی دەگەیاندمێ خۆشی تەپ بەپشتا دەکەوت. هەیان بوو وەک ئەسپی تازە ناڵکراوی تاوی غار پریشکی ئاگر لە ناڵچەی پۆستاڵەکانییەوە بەرز دەبۆوە. تەختیان کردم. لە عەردا دەیانتلاندمەوە. تەپڵیتۆپێنی ئەو سەرایەیان پێکردم. ئیدی بەرچاوم لێل، تەڵخ و تاریک بوو.. بەتەواوی کوژامەوە.. کاتێ بەدەم ئازارەوە بەئاگا هاتمەوە، دەستیان بە چرپای خەستەخانەکەوە کەلەپچە کردبووم.

ئەمرۆ، لە سێڕۆژەی هاوڕێ ئازیزەکانمدا، برینی کۆن و نوێم هاتوونەتە سوێ. ئێوە سێ ڕۆژە چواردەورمتان چۆڵکردووە. چۆڵکردنێکی هەتاهەتایی. بەڵام چۆن بتوانم لە یەک کاتدا پرسە بۆ هەر سێسەدو پەنجاتان نوێ بکەمەوە ئازیزەکانم؟! ئێستا دێمە سەر گۆڕتان.. هەر ئەوەندەم لەدەست دێ.. لەوێ کڵاوەکەم دابگرم. سەردادەخەم و تاوێ بە مەلوولێ لەسەرینتان دەوەستم!

* *

لەوێ، لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی، لەژێر دیواربەندەکەی شێخدا، سەدان کتێبی هەمەجۆر، بێناز لەسەر چیمەنتۆ ڕووتەکە ڕیزکرابوون. ڕەشەبا خشە خش گەمەی بە پەڕەکانیان دەکرد. ئەو کتێبانە تا چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر، بە بەرزاییەوە. لەنێو خانەی کتێبخانەی ماڵاندا بەڕێزەوە دانرابوون. هەرچەند ڕۆژێ جارێ، دەستیان پێدا دەهێنرا و لە تۆزو گەرد پاکدەکرانەوە. کەچی ئەوەتا ئەمێستا لەنێو خۆڵ و پاشەرۆکی گوڵەبەڕۆژەی ترووکاو و توێکڵی پاقلەی کولاودا فڕێدراون. بێدەنگ بەدیاریانەوە ڕوام، چەند هەرزەکاریش ئاپۆرەیان لێدابوون. سەرپێیی چاویان پێدا دەخشاندن. دووان دەڕۆی، سیانی دیکە دەهاتن. کتێبفرۆشە جحێڵەکە وەک شوان بەدیاریانەوە وەستابوو. ڕێکەوت ڕووی تێکردم و ناسیمییەوە. بە سەرلەقاندنێک ڕۆژباشی لێکردم. منی مەلوولیش هەر بەشێوەکەی خۆی وەڵامم دایەوە.

هەروا وەستابووم سەرنجم دەدان، کاتێ کوڕیژگەیەکی قژبژ پەیدا بوو. جووتێک پێڵاوی ڕەشی کاڵەوەبووی درزبردووی لەپێدا بوو. لووتەکانی سپی، وەک هەرگیز بۆیاخیان بە خۆیانەوە نەدیبێ. کراسە سپییە چڵکنەکەی تەنیا سێ قۆپچەی پێوەمابوو. مێردمنداڵەکە هەر بە پێڵاوەکانەوە، کەوتە ناو کتێبەکان. وامدەزانی بەسەر گازەرای پشتی ڕووتی مندا هەنگاو دەنێ!.. بۆیە مورەغەی پشتم ئازاری پێدەگەیی. یەکە یەکە دەستی دەدانێ، لە دیوی دەرەوە سەرنجی قەبارەیانی دەدا و دایدەنانەوە. ئەنجام چەند کتێبێکی هەمەڕەنگی لەمێژوو، ئەدەب و لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵبژارد. گوڵبژێرییەکەی سەرنجی کێشدەکرد. کوڕیژگەیەکی وەها بەو سەرەتای تەمەنەوە ئارەزووی خوێندنەوەی ئەم هەموو ڕشتەیەی هەبێ، دیاردەیەکی نائاسایی بوو؟! کاتێ لەسەر یەکی هەڵچنین و لەکڕینیان دڵنیا بووم، فێنکاییەک بەهەناوم گەیشت و ئۆخژنم بۆهات. دیارە دەخوێنێتەوە. بەم تەمەنە کەمەوە و لەو ئاستە بەرزەدا، ئەدەب و کۆمەڵناسی بخوێنێتەوە، لەوانەیە لە ئایندەدا  زانا، یان نووسەرێکی گەورەی لێدەربچێ. ئەم دیمەنە و بەم سەردەمی دافەتانە، نەختێ لە خەمی سێڕۆژەی سێسەد و پەنجا هاوڕێکەمی کەمکردەوە. ویستم بزانم ناوی چییە. بەڵام ئەو خجڵی کاری خۆی بوو. دەستی برد دوو کتێبی دیکەی گەورەی جیاکردەوەو لەسەر سیانەکەی پێشووی هەڵیچنین و لەگەڵ کتێبفرۆشەکەدا کەوتنە سەوا و مامەڵە:

ـ ئەم کۆمەڵە کتێبە بایی چەندە؟

ـ به هەمووی پەنجا دینار بدە.
ـ ئەی سی دینار چۆنە؟
ـ نابێ، زۆر کەمە!
ـ ئەی سیوپێنج دینار چۆنە؟
ـ نابێ، دەزانی ئەوانە ئەگەر کاغەزی سپی بوونایە بایی دووسەد دینار دەبوون؟!
ـ ڕاستە.. بەڵام کاغەز، کە چاپکرا نرخی دادەبەزێ!!

ئەگەر چی ڕاستی وت، بەڵام بەم قسانەی دوایی دڵم گوشرا، لە بێئۆقرەییدا لەجێی خۆم پێکوتەم دەکرد، دوای ئەوەی دوو سێ لاو کەوتنە دیقەتدانم ئەمجا هەستم بەخۆم کرد، کە من تەواو نیگەرانم.. زەفتی خۆم کرد و بڕی ئارام بوومەوە. مێرد منداڵەکە کتێبەکانی بە باوەشەوە گرتبوو هەڵیدەسەنگاندن. وەک کتێبیش پەتاتە ئاسا بە کیلۆ بفرۆشرێ. پاشان ڕووی لە کتێبفرۆشەکە کردەوە، وتی:

ـ هەر سیو پێنج دینار دەهێنن، لەوندە زیاتریان پێنادەم!

مێردمنداڵەکە لەوەدابوو کتێبەکان دابنێتەوە و کتێبفرۆش وتی:
ـ باشە هەڵیانگرە.

مێرد منداڵەکە کتێبەکانی لەسەر زەوییە ڕووتەکە دانا. لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا سەفتەیەکی نوشتاوەی دەیی و پێنج دیناریی قەدکراوی دەرهێنا و خێرا نرخەکەی دایە کتێبفرۆشەکە. هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵمژی و دانەوییەوە. دەستی دایە یەکێکیان، کە دیوانێکی گەورەی شیعر بوو. بەبەر چاوی خۆمەوە، بڕێ خۆی جیرکردەوە و ڕاست و چەپ لێینەوی. ڕێک لە ناوەڕاستدا کردی بە دوو کەرتەوە! کسپەیەک لەناخم هەڵسا و داچڵەکیم. شیرەی کتێبەکە لە گریانی ساوا دەچوو! من خراپ تێگەیشتبووم!.. خۆم پێڕانەگیرا، پرسیم:
ـ ئەوە بۆ وەهای لێدەکەی کوڕی باش؟

ئەو کوڕێژگەیەی من هێوام پێیبوو ببێتە زانا یاخود نووسەری ناوداری ئایندەی کورد، لە پاکی و بەرائەتی منداڵان داشۆردرابوو. لەبەر چاوم، وێنەی بۆ بیچمی پیاوێکی پۆرخز و مۆن گۆردرا. بەدەم پەڕە پەڕە کردنی دیوانەکەوە، سەرنجێکی ئاگراویی دوژمنانەی بە باڵامدا سەرخست و بێمنەت وتی:

ـ جا تۆ هەقت چییە بەسەرەوە؟ بەپارەی خۆم کڕیومە و دەیکەم بە لوولەی گوڵەبەڕۆژە!!

تمەس ئەستووریی کتێبەکانی بەدڵدا چووبوو. خۆمن دەمزانی کە ئەم مێرد منداڵەیش لە قوربانییەک بەولاوە هێچی دیکە نییە. ئەو چووزانێ خەڵکانی بێ کتێب بێ شوناسیشن. ئەو چووزانێ ماڵی بێ کتێب چۆڵەوانییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستم بوایە لەوکاتەدا گوێم لەبنا دەردەهێنا!.. لە ڕیزی تەماشاکەراندا لاوێکی خاوێن و باوێن، ڕۆژنامەیەکی لوولکراوی لە مست بوو، هەڵیدایە:

ـ بەویژدانم حەیفە بکرێن بە لوولەی گوڵەبەڕۆژە. دەسەڵاتم هەبووایە نەمدەهێشت!

بۆ چەند هەناسەیەک ئاهێکم تێگەڕا. بەڵام کوڕێژگەکە ئەو قسانەی بەهەند نەگرت. پێدەچوو سینییە گوڵەبەڕۆژەکەی لای برادەرێکی جێهێشتبێ، بۆیە بەخێسەیەک وەڵامی هەرزەکارەکەی دایەوە. باوەشی بە گورزە کتێبەکەدا کرد و لێیدا ڕۆیی. وەک پڕ بەلاشەی منداڵێکمدا بکات وەهابوو!.. ئاگادار بووم، وردە وردە چۆکم شلدەبوون. لاجانگەکانم گەرم ڕادەهاتن.

خۆنەویستانە لێوەکانم دەلەرینەوە. بەدەست خۆم نەبوو. وەختێکم زانی بە چەپۆک بەربوومەتە سەرە سپییەکەم و دامدایە قوڵپی گریان:

- برارۆ مشک خواردمی!.. باوکەڕۆ بەعس خواردمی! گشت کەسم ڕۆ نێروون و هۆلاکۆ خواردمی!!

لەسەر کتێبەکان ڕەهێڵ بووم. لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، بەناویاندا دەتلامەوە. بەدەم تەپاوتلەوە کتێبەکانم بەسینەوە دەگرتن. تۆزو توێکڵی گوڵەبەڕۆژەی ترووکاو، جل و بەرگە خاوینەکەمی لەوتاندو، دەخزانە بێخی سەرە سپییەکەمەوە. خڵتانی خۆڵ بووم و بەجارێ بوومە گەپجاڕ و سینەمای ئەو هەموو مەخلووقە دەست بەتاڵە. کاتێ بەخۆمزانی سەدان بێکار، ئاپۆرەیان لێداوم. هەندێ وایاندەزانی پەرکرمم لەگەڵە و فێم لێهاتووە. هەندێ بە سەرخۆشیان دەزانیم. گوێکانم قسەی یەکێکیانی ئاوا قۆزتەوە: (( پیاو هەر شێتیش بێ، بەگەنجی شێت بێ!))

دەستیان دەگرتم. بانگیان دەکردم. یەکێکیان پەرداخێ ئاوی پرژاندە ڕووما. پیرەمێردێکیش کڵاوەکەی تەپاندەوە سەرم.. ئەوان نەیاندەزانی ئەو بانگهەڵدان و خۆ گەوزاندنەم بەنێو ئەو کتێبە خۆڵاوییانەدا لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ و کوێم ژاندەکا؟.. بەم شێوە ناجۆرە، ئەو عەسرەم لەسەر گۆڕی ئەو سێسەدو پەنجا هاوڕێ کۆچکردووەم گوزەراند!.. ئاوا سێڕۆژەم بۆ گێڕان!.. بۆ ئەو سێسەدو پەنجا هاوڕێ ئازیزەی، کە ناچارمام بێانفرۆشم و بە پارەکەیان فردەیەک ئارد بکڕم.. ئەمڕۆ سێڕۆژەیان بوو.

2 ی نۆڤەمبەری 1995